Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10327

# نیشانە و ڕوونبێژی لە دیدی پراگماتیکدا

**ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، عبدالواحد مشیر مەحمود دزەیی**

بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەو توێژینەوەیە ناونیشانی (نیشانە و ڕوونبێژی لە دیدی پڕاگماتیکدا) لەخۆ دەگرێت، هەولێکە بۆ خستنەڕووی نیشانە زمانییەکان لە دووتوێی ڕوونبێژی ڕەوانبێژیدا، و چ ڕۆڵێك لە خستنەڕووی واتای مەبەست دەگێڕن، هەموو شیکردنەوەکان لە چوارچێوەی پڕاگماتیکدا دەبن، سروشتی توێژینەوەکەش ئەوە دەخوازێت هەندێ نموونەی شیعری بەپێی پێوەرە پراگماتیکییەکانی نیشانە شیبکەینەوە.

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو فرەیی چی کە لێکدانەوە واتاییەکان دەیانهێنێتە ئاراوە، کاتێك بەپێی هەڵوێستەکانی ڕەوانبێژی و واتا پڕاگماتیکییەکانەوە دەلکێنرێن، دیاردەی هێزی ڕەوانبێژی (Rhetorical Force) دێتە ئاراوە، کە ئاستی پەیامەکە بە ئاستێکی بەرز دەگەیەنێت، لایەنێکی تری توێژینەوەکە بۆ تیشك خستنە سەر ڕۆڵی نیشانە دەبێت لە بواری ڕوونبێژیدا، نیشانەکان دەبن بە پردی پەڕینەوە بۆ گەیشتن بە واتا مەبەستدارەکە، بە پەیڕەوکردنی بنەمای وزە پاراستن نیشانەکان دەبنە مایەی کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی و خۆپاراستن لە کەرستەی ناپێویست لە دەربڕاوە زمانییەکاندا.

***Article Info***

Received: July, 2023

Revised: July, 2023

Accepted: August, 2023

***Keywords***

نیشانە، ڕوونبێژی، پراگماتیك

***Corresponding Author***

abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

rezhna.azeez@su.edu.krd

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (نیشانە و ڕوونبێژی لە دیدی پراگماتیکدا) باس لە نیشانە زمانییەکان دەکات لە ڕوونبێژی ڕەوانبێژیدا و رۆڵیان لە روونکردنەوەی واتای مەبەست دەخاتەڕوو . توێژینەوەکە لە چوارچێوەی پراگماتیکدا شیکردنەوە بۆ رۆڵی نیشانە دەکات و نموونەی پێویستی بۆ دێنێتەوە لە زمانی شیعردا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لە نامەیەکی ئەکادیمی و ورد کار لەسەر نیشانە زمانیەکان نەکراوە لە روانگەی پراگماتیکییەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە باس لە نیشانەکان دەکات، کە واتا ڕووندەکەنەوە و تەمومژییە واتاییەکای ڕووندەکاتەوە.

ڕەوانبێژی بریتییە لەهونەری دەربڕین و گەیاندنی واتا بەجوانترین شێوە، نیشانە وەکو بابەتێکی پراگماتیك لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیدا زۆر بەرچاودەکەوێت بەتایبەتی لەبەشی (ڕوونبێژی) کە (خوازەو جۆرەکانی خوازەو درکە) دەگرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و نیشاندانی ڕۆڵی نیشانە لە ڕوونبێژی، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو نیشانەکان یارمەتیدەردەبن بۆگەیشتن بە واتای مەبەست و هەر بۆیەش نیشانەکان دەبنە هۆکارێک بۆ ئابووری زمانی و کەمکردنەوەی زیادەرۆیی، لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە ڕوونبێژی وەك بەشێکی ڕەوانبێژی نیشانەی زیاتر تێدا بەکاردێت تا واتاکەی ڕوونتر بێت .

ناوەرۆکی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە نیشانە و خوازە ، کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت: (خوازە، جۆرەکانی خوازە، خوازەی زمانی، خوازەی ژیری، نیشانە پڕاگماتیکییەکان لە خوازەی زمانیدا، نیشانە پڕاگماتیکییەکان لە خوازەی ژیریدا). بەشی دووەمیش تایبەتە بە نیشانە و درکە، کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : (درکە، جۆرەکانی درکە، درکە و یوفێمیزم، ڕێگاکانی بەکارهێنانی یوفێمیزم، (یوفیمیزم) بەرامبەر (دیسفیمیزم) ). لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، ئینجا خستنەڕووی کورتەیەک بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم : نیشانە و خوازە :

### سەرەتا :

ڕەوانبێژی بریتییە لەهونەری دەربڕین و لەڕووی شوێنەوە ئامرازەکانی لێکدان هەڵە بەکاردەهێنرێن گەیاندنی واتا بەجوانترین شێوە،(ڕەوانبێژی ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی باری ئاخاوتنە، لەڕێگەیەوە گوزارشت لەوانەیەکی کاریگەر دەکرێت لەدەروونی بەرامبەر) (دزەیی، 2015، ل13). زانستی ڕەوانبێژی پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەوانە: (لاهارب) دەڵێت: (دەربڕینێکی ڕاستی هەست و سۆزە) (السامرائي،1977, 292). (جینگ) دەڵێت: (هونەری پراکتیزەکردنی قسەی گونجاوە بۆ بابەت) (السامرائي،1977, 292.).

(لیچ) دەڵێت: (ڕەوانبێژی کرۆکی پراگماتیکە) (بحيرى ،2004، 23).

ڕەوانبێژی وپراگماتیك پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکد هەیە، نیشانە وەکو بابەتێکی پراگماتیك لەهونەرەکانی ڕەوانبێژیدا زۆر بەرچاوەکەوێت بەتایبەتی لەبەشی (ڕوونبێژی) کە (خوازەو جۆرەکانی خوازەو درکە) دەگرێتەوە :

ڕەوانبێژی ئەوانەی نیشانەیان تێدا بەکارهاتوە، هەندێکیان لەزمانی شیعر وهەندێکیشان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەرچاو دەکەون، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:-

### 1- خوازە:

بریتییەلەگواستنەوەی واتای وشە لەمانای دروستی خۆی بۆ مانایەکی خوازەیی. خوازە (بریتییە لە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێت، بەڵکو بۆمانایەکی تر بخوازرێت ومەبەستێکی تر بگەیەنێت). (گەردی،1975، 67). کاتێك مەبەستێکی تر دەگەیەنێت دەبێتە نیشانە، چونکە واتا خوازراوەکە مەبەستە، ئەمەش بەهۆی بوونی نیشانەیەك (قرينة) لەوشەکەدا وادەکات وشەکە واتا فەرهەنگییەکەی لەدەست بدات.

نمونەی (١): لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەمو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە(جاف،2016، 157)

لەم دێڕە شیعرەدا (لەخەو هەڵسن) بۆمانای دروستی خۆی بەکارنەهاتوە کە (نوستن)ە، چونکە ناکرێت میللەتی کورد هەمویان نوستبن، بەڵکو مەبەست (غافڵەتی و بێ ئاگاییە)

لێرەدا نیشانەیەك لە (نوستن) وەرگیراوە، مرۆڤ کاتێك دەخەوێت بێ ئاگادەبێت لەهەموو شت. وشەی نوستن کە دراوەتە پاڵ (میللەتی کورد) واتە بەئاگاوەرنەوە مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا بەمەبەستی جوانی دەربڕین خوازە بەکاردێنێت بۆ زیاتر کاریگەریکردنە سەر بەرامبەر.

نمونە (٢): گوڵ هات.

وشەی (گوڵ) بۆ ئافرەتێکی جوان بەکارهاتووە.

### جۆرەکانی خوازە:-

**1-1- خوازەی زمانی:-**

**1-1-1- خواستن**

**2-1-1- خوازەی ڕەها**

**2-1- خوازەی ژیری**

**1-1- خوازەی زمانی:** لادانی وشەیەکە لەواتای فەرهەنگی بۆ واتایەکی تر(گواستنەوەی واتای وشە لە واتای فەرهەنگی بۆ واتایەکی تر، لەگەڵ بونی پەیوەندی لەنێوان واتای یەکەم و واتای دووەم، هەروەها بونی نیشانەیەك واتای یەکەم ڕەت بکاتەوە و واتای دووەم بگەیەنێ) (باطاهر، 2008, 249- 250) خوازەی زمانی بەهەردو جۆری (خواستن و خوازەی رەها) پەیوەندییەك هەیە لەنێوان واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست، نیشانەیەکیش هەیە واتلێدەکات بیرت بۆ واتای مەبەست بچێت.

**1-1-1- خواستن:** پەرینەوەی وشە لەواتای فەرهەنگی بۆ واتایەکی تر لەسەر بنچینەی لێکچواندن. خواستن بریتییە(لەبەکارهێنانی ووشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لەمانای دروستی وشەکە بەمەرجێك پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە) و لێکچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێت کە مەبەست مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە). (گەردی،1975، 69).

نمونەی (٣):- تا نێرگسی تۆ نازی هەبێ غەمزە نۆمابێ

شەرمەندە نەبێ ئاهو بی خەطابێ (وەفایی،1978، 170).

لەم دێڕە شیعرەدا (خواستن) لە وشەی (نێرگس)دایە بەواتای فەرهەنگی کە (گوڵی نێرگز)هەبەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەستی شاعیر واتا خواستراوەکەیە کە (چاوی یار)ە. نیشانەش بۆ ئەمە (نازکردن) و (غەمزە نواندن)، چونکە گوڵی نێرگز ناتوانێت (ناز و غەمزە) بکات. ئەو دوو سیفەتە هی مرۆڤن، دراون بە گوڵی (نێرگس). مەبەستی شاعیر چاوی یارە کە ڕەنگی وەکو گوڵی نێرگزە ناز و غەمزە دەکات، هەروەها گوڵی نێرگس سەری بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە، ئەو سیفەتەش دراوەتە چاو، چاو لەکاتی غەمزەکردن هەمان سیفەت وەردەگرێت.

لەم دێڕە شیعرەدا (لێچوو) لابراوە و (لەوچوو)ی ماوە. بۆیە پێناسەی خواستن بەو شێوەیە کراوە (بریتییەلە لابردنی لێکچواندن لەیەك لا) (ناصف واخرون،2008، 107). نیشانەیەك وەردەگرێت.

**1-1-2- خوازەی ڕەها:** هەموو خوازەیەکی زمانی دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکە لێکچوون نەبێت و نیشانەیەکیش هەبێ واتا فەرهەنگییەکەی ڕەت بکاتەوە (دەربڕینێکە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنایێ، پەیوەندییەکە لێکچوون نیە وە نیشانەیەکیش هەیە ڕێگرە لە گەیاندنی واتای ڕاستەقینە.(الزوبعي،1996، 72).

نمونەی (4):- ئاگرێ کەوتۆتە ئەم جیهانەوە

دۆستیش ئەسوتێ بە بێگانەوە(هۆشیار،2019، 243).

**نیشانە پراگماتیکییەکان لە خوازەی زمانیدا:-**

خوازەی زمانی بەهەردو جۆری (خواستن و خوازەی ڕەها) هەر دەربڕینێك مەبەست لێ واتا فەرهەنگییەکەی نیە، بەڵکو مەبەست واتا خوازراوەکەیە، ئەمەش بەهۆی چەند نیشانەیەکی پراگماتیکی کەوا لەوەرگێر دەکات بیری بۆ واتا فەرهەنگییەکە نەچێت.

نیشانەکانیش ئەمانەن:

1- **نیشانەی کات:** مەبەست لەو نیشانەیە ئەو کاتە فیزیکییەیە، کە قسەکەی تێدا دەکرێت، کاتی قسەکردنە دەبێتە نیشانە کەواتای خوازراو و مەبەستە، نەك واتا فەرهەنگییەکە.

نمونەی (٥): مانگ دەردەکەوێت.

قسەکەر لەچ کاتێکدا ئەو قسەیەی کردووە، ئەگەر لەکاتی شەودا وترابێت، مەبەست مانگی ئاسمانە، بەڵام ئەگەر لەڕۆژدا لەو کاتەی دونیا روناکە یان هەتاو لەدەرەوەیە، ئەو قسەیەی کردبێت لەوکاتەدا مەبەست ئافرەتێکی جوانە، چونکە کاتەکە کاتی دەرکەوتنی مانگی ئاسمان نیە. لێرەدا نیشانەکە (کات)ە پەیوەندییەکەش (جوانی)یە.

ئافرەت (لێچوو)

مانگ (لەوچوو)

لەڕستەی (مانگ قسەدەکات). لەهەموو کاتەکان مەبەست واتا خواستراوەکەیە کە (ئافرەتێکی جوان)ە، چونکە (مانگی ئاسمان) ناتوانی قسەبکات نیشانەکە (قسەکردن)ە لەتوانای مانگی ئاسماندا نیە. لەنموونەکانی داهاتوو زیاتر رونی دەکەینەوە.

**2- نیشانەی شوێن:** مەبەست ئەو شوێنەیە کە قسەکەی تێدا دەکرێت دەبێتە نیشانەکە کام واتا مەبەستە.

نمونەی (6): ڕێویم بینی.

قسەکەر لەکوێ ئەو قسەیەی کردووە، شوێنی قسەکردنەکە دەبێتە نیشانە بۆ دیاریکردنی واتا، ئەگەر لەباخچەی ئاژەڵان، یان لەشوێنێك ئەو گیاندارە بونی هەبێت ئەوکات مەبەست واتا فەرهەنگییەکەیە (ڕێوی) وەکو گیانلەبەر، بەڵام لەشوێنێکی وەکو زانکۆ، یان فەرمانگەیەکی حکومی- یان هەر شوێنێك کە ئەگەری بونی ئەو ئاژەڵەی لێ نەبێت، ئەوکاتە واتا خواستراوەکە مەبەستە، کە مەبەست (کەسێکی فێڵبازە). سیفەتێك لە ڕێوی وەرگیراوە دراوەتە مرۆڤ.

مرۆڤ (لێچوو)

ڕێوی (لەوچوو)

پەیوەندی نێوانیان (سیفەت) لێکچون

نیشانە (شوێن)

**3- نیشانەی ئاماژە** : ئاماژەکان وەکو (ئەم، ئەو، ئەوانە....) لەگەڵ ئماژەکردن بە پەنجە و برۆ، دەبنە نیشانە بۆ وشە خواستراوەکە.

نمونەی(7): ئەو مێشە بێزاری کردووم.

وشەی (مێش) واتایەکی فەرهەنگی هەیە، ئەگەر قسەکەر لەکاتی ئاخاوتن ئاماژەی بۆ بکات، لەهەمان کاتیشدا مێشەکە بونی هەبێت، بەڵام ئەگەر مێشی- ڕاستەقینە لەوێ نەبێت و کەسێك لەوێ بێت، ئەوکاتە مەبەستی قسەکەر کەسێکی بێ نرخ و بێ بایەخ و بچوك بێزاری کردووم. ئاماژەکردنە دەبێتە نیشانە سیفەتێك لە مێش وەرگیراوە دراوتە پاڵ مرۆڤ.

مرۆڤ (لێچوو)

مێش (لەوچوو)

پەیوەندی نێوانیان (قەبارە) لێکچون.

نیشانە (ئاماژەکردن)

هەرسێ نیشانەی (کات، شوێن، ئاماژە) ئەگەر دیارخەرێکیان بۆ زیاد بکرێت، پێویست بە کات و شوێن و ئاماژە ناکات، لەو حاڵەتە تەنیا واتا خوازراوەکە مەبەستە.

**4- نیشانە کەسییەکان:** وەکو (من، تۆ،....) دەبنە نیشانە بۆ وشە خوازراوەکە.

نمونەی (8): چاوەکەم چاووم بەدائیم ئینتیظاری تۆ دەکا

شەو بەیادی عاریضت یادی گوڵی شەوبۆ دەکا(هیرانی،2015، 173).

لەم دێرە شیعرەدا (چاوەکەم) بەواتای فەرهەنگی بەکارنەهاتووە کە (چاوی مرۆڤ)ە، بەڵکو مەبەست واتا خوازراوەکەیە کە (یار)ە. نیشانەش بۆ ئەمە جێناوی (تۆ) بۆ چاوەکەم دەگەڕێتەوە. سیفەتی خۆشەویستی چاو، دراوەتە یار. نیشانەکەش (جێناوی کەسی)یە.

**5- کۆتی هەڵبژاردن:** ئەم کۆتە دەبێتە نیشانە بۆ وشە خوازراوەکە و وادەکات مەبەست واتا فەرهەنگییەکە نەبێت.

(کار) وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی، کۆن بۆ کەرەسەکانی تری دادەنێ، هەڵبژاردن بەدەست کارەکەیە چ جۆرە بکەرێکی دەوێت.

نمونی (9): گوتم: ئەی ماه ، دڵی من بەدڵی خۆت بکرە.

گوتی: مـن بـەردی بەقیمـەت بـە کـەبابی نادەم(نالی،1967، 306).

لەم دێرە شیعرەدا وشەی (ماه) بۆ واتای دروستی خۆی کە (مانگی ئاسمان)ە بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەستی شاعیر یارەکەیەتی کە وەکو مانگ جوانە. نیشانەش بۆ ئەمە کاری (بکرِە) و (گوتی). (گوتن و کرِین) کۆت بۆ کەرەسەکانی تر دادەنێت و بکەرێکی زیندوویان دەوێت (مانگی ئاسمان) توانای ئەو دوو کارەی نیە. (کرِین و گوتن) سیفەتی مرۆڤن، نەك مانگ. سیفەتی (مانگی ئاسمان) کە جوانی یە دراوەتە (یار) ئەم نیشانەیە وادەکات بیرمان بۆ واتا فەرهەنگییەکەی نەچێت.

یار (لێچوو)
مانگ (لەوچوو)
پەیوەندی نێوانیان (جوانی)
نیشانە (کۆتی هەڵبژاردن) کارەکان

**6- هاورِێیەتی:** هەندێ وشە هاورِێیەتیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و لەگەڵ یەکدا بەکاردێن، هاورِێیەتی وشەکان دەبێتە نیشانە بۆ وشە خوازراوەکە، وادەکات بیرمان بۆ واتا فەرهەنگییەکەی نەچێت، چونکە پچرِانێك لەنێوان وشەکاندا دروست دەکات.

نمونهەی (10): بەحری غەزەلم پرِلە دورِو گەوهەرە، ئەمما
غەوواصی دەوێ یەعنی بەتەعمیق بزانە(نالی،1967، 480).

لەم دێرە شیعرەدا (دورِو گەوهەر) و (غەوواصی) بەواتای فەرهەنگی بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەستی شاعیر واتا خوازراوەکەیە کە مەبەست (وشەکانی شیعر) و (خوێنەر)ە، نیشانەش بۆ ئەمە وشەی (غەزەل)ە، (بەحرو دو رِو گەوهەر و غەوواصی) هاورِێیەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە ولەگەڵ یەکدا بەکاردێن، بەڵام وشەی (غەزەل) ئەم هاورِێیەتییەی پچرِاندووە، وایکردووە مەبەست لە (دورِو گەوهەر) واتا خوازراوەکەیەی بێ کە (وشەکانی شیعر)ن، مەبەست لە (غەوواص)یش (خوێنەر)بێ.

وشەکانی شیعر (لێچوو).
رووی لێکچوواندن (نرخ و بەها)
خوێنەر (لێچوو)
غەوواص (لەوچوو)
پەیوەندی نێوانیان (قوڵ بوونەوە)
نیشانە (هاورِێیەتی) غەزەل.

وشەکانی شیعرم وەکو دورِو گەوهەر بەنرخن، خوێنەرێکی وەکو غەوواصی دەوێ، چۆن غەوواص بۆ دۆزینەوەی دورِو گەوهەر دەچێتە قوڵایی دەریا، شیعرەکانی منیش خوێنەرێکی وایان دەوێ لە وشەکان ووردببێتەوە، تا لەواتایان بگات.

**7- بەش لە گشت:** ناوی بەشێك دێنێ مەبەست لێی هەموویەتی.

نمونەی (11): گەردی رِێی هەستاوە جێ داوا دەکا
بەختە! ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا(مەحوی ،1984، 22).

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر ناوی (چاو) دێنێ، مەبەست مرۆڤە، (چاو) بەشێکە لە (جەستەی مرۆڤ) (چاو) ماڵی نیە، (مرۆڤ) ماڵی هەیە. یار لەرِێگادا دەرِوا و تۆزێ پێی بەرزبۆتەوە لەشوێنێك دەگەرِێ تالێی بحەسێتەوە و دابنیشی، دەبێت کێ ئەوەندە بەبەخت بی ئەو تۆزەی لێ بنیشێ و ماڵی ئاوەدان بێتەوە. وتە یر بچێتە ماڵی و لەوێ دابنیشێ و ماڵەکەی ئاوەدان بکاتەوە.

**8- گشت لەبەش:** ئەمەیان ناوی هەمووی دێنێ مەبەست بەشێکە.

نمونەی (12): موسڵمانان دەپرسن حاڵی (نالی)
لەکونجی بێ کەسی مەهجورە ئەمشەو(نالی،1967، 290).

وشەی (موسڵمانان) بەگشتی ناوی هاتووە، بەڵام مەبەست لێی بەشێکە، چونکە ناکرێ موسڵمانان هەموو لەحاڵی نالی بپرسن.

**9- نیشانکارەکان:** بریتین لەو نیشانەی کە (ئاماژەیەکی راستەوخۆ بۆ (شوێن و کەس و کات دەکات) (دزەیی،2011، 95).

نمونەی (13): ئەگەر (صافی) مەراقت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم
مەدەد یا موصطەفای شامی دەخیل یا شاهی بەغدایی(هیرانی،2015، 301).

لەم دێرە شیعرەدا (شاهی بەغدایی) مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، کە واتاکەی لای زۆربەی کەس رونە چونکە رِێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە.

**10- نیشانەی برِی کات:** ئەم نیشانەیە برِی زۆری و کەمی کات دیاریدەکات.

نمونەی (14): عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم گوت وکەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم
(نالی،1967، 280).

لەم دێرە شیعرەدا وشەی (عومرێکە) نیشانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر.

نمونەیەکی تر برِی زۆری کەمی کات دیاریدەکات:-
صەبری (ایوب)م لەکێ بوو عومری نوحم چۆن ئەبێ
پێنج و دوو رِۆژێکم ماوە روح کەچوو نایێتەوە (هیرانی،2015، 285).

لەنیوە دێری یەکەمدا (صەبری ئەیوب) و(عومری نوح) نیشانەن بۆ زۆری کات. لەنیوە دێری دووەم (پێنج ودوو رِۆژ) نیشانەیە بۆ کەمی کات.

**11- ژماره:** (دەربڕینی ڕادەی زۆری و کەمی شت لەڕێگای ژمارەوە دیاریدەکرێت) (دزەیی،2011، 92).

نمونەی (16): تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

صەد جێ وەکو بولبول بەجگەر داغی خەزانم(وەفایی،1978، 63).

لەم دێڕەدا وشەی (صەد) بۆ دەربڕینی ڕادەی زۆری بەکارهاتووە و زیادەڕۆیی تێدایە.

**12- شوێنی سیمانتیکی:** ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکە دێنی، (ناوی شوێنێك دێنێ، مەبەست ئەو شتانەیە کە لەشوێنەکەدا هەن) (قصاب،2014، 121) یان مەبەست کەسەکانی شوێنەکەیە.

نمونەی (17):

- پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد.

مەبەست لەپەرلەمانی کوردستان، کاربەدەستەکانن.

- شەقام هاتە دەنگ.

ووشەی شەقام، مەبەست کەسەکانن.

- پەرداخێکم خواردەوە.

مەبەست لە پەرداخ ئەوشتەیە کە تێیدایە وەکو ئاو، شەربەت...

**13- پەیوەندی بەرهۆیی:** ئەوەیە(ناوی بەرهۆ بیرێ، مەبەست هۆکاربێ) (الهاشمي،2014، 178). ناوی بەرهۆدێ، مەبەست ئەوشتەیە کە بەهۆیەوە دەستکەوتووە.

نمونەی (18): ڕەحمەت باری.

ڕەحمەت مەبەست بارانە، باران بارینیش هۆکاری زۆربونی ڕزق، ڕزقیش ڕەحمەتە.

**14- سەردەم:** ناوهێنانی کەسێك، یان شتێك لەڕابردودا هەبووە، لەئێستادا بونی نیە لێرەدا سەردەمی بەکارهێنانێت وشەکە دەبیتە نیشانە کە وشە خوازراوەکە مەبەستە، چونکە سهردەمی بەکارهێنانی وشەکە بەسەرچووە و ئێستا بەکارنایێت بەهۆی چەندین هۆکار. وشەکانیش وەکو (عەنتەر، هیتلەر، پاشا، حاتەمی تەی، خدری زیندە، هەیاسی دورناس....)

نمونەی (19): خدری زیندەم گەیشتێ.

(خدری زیندە) بۆ واتا خوازراوەکەی بەکارهاتووە، چونکە لەڕۆژگاری ئێستادا بوونی نیە. لێرەدا نیشانەیە بۆ کەسێك لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی خەڵك دەدات و بەهانایانەوە دەچێت.

- عەنتەر لێرەیە.

لێرەدا مەبەست کەسێکی چاونەترس و ئازایە.

**15- کەلتور:** نیشانەیەکی ترە کە واتا خوازراوەکە مەبەستە، واتای وشەکان بەپێی کەلتورە بڵاوەکەی کۆمەڵگا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ئەمەش بەهۆی زۆر بەکارهێنانیان وایلێهاتووە واتا خوازراوەکە مەبەست بێ. وشەکانیش وەکو (جولەکە، کوندەبەبۆ، ئۆمەر، تیاترۆ، هەیتە، تورك، ئینگلیز.....)، زۆر ئەم وشانە سیفەتی خراپیان وەرگرتووە لە کۆمەڵگادا.

نمونەی (20): وس بە هەیتە.

وشەی (هەیتە) بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت واتە کەسێکی بێ شەرم و هار.

- ئۆمەر هات.

(ئۆمەر) ئەگەر بۆ ناوی مرۆڤ بێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر مەبەست ناوی مرۆڤ نەبێت واتایەکی تر ڕوون دەکاتەوە و نیشانەیە بۆ کەسێك لەژنەکەی بترسێ و لەژێر فەرمانی ئەودابێت کە بەرامبەر ڕەگەزی نێر بەکاردێت.

کەلتوری هەر کۆمەڵگەیەك دەبێتە نیشانە بۆ واتا خوازراوەکە و لەڕێگای کەلتورەوە واتای وشە خوازراوەکە ڕون دەبێتەوە.

زۆرجار لەشیعری کوردیدا وشەی (تورك) بەرامبەر یاردا بەکاردێ، بەپێی کەلتوری کورد ئەو ناوە سیفەتی خراپی وەرگرتیە، بۆیە شاعیر وشەی (تورك) بۆ یاری ستەمکار و پەیمان شکێن بەکاردێنێ.

نمونەی (21): نەوجەوان ئەبرۆکەمان شیرین زوبان و نوکتەدان

تورك ڕەفتار و پەری ڕوخسار و پەرچەمدارەکەم

(کوردی،2020، 97).

لەو نیشانانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، زۆرجار دوو نیشانە لەیەك کاتدا بەیەکەوە دەردەکەون.

نمونەی (22): تا بەمەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا

چاوەکەم بوبتە دوێت و گریە سورخی تێدەکا

(حاجی قادری کۆیی،2007، 34).

لەم دێڕە شیعرەدا هەردوو نیشانەی (هاوڕێیەتی) و (کۆتی هەڵبژاردن) بەیەکەوە دەرکەوتون.

وشەی (مەکتەب) هاوڕێیەتی لەگەڵ (قوتابی) هەیە.

کاری (مەشق کردن) بکەرێکی زیندووی دەوێ.

ئەمەش وایکردووە (مەه) دووربکەوێتەوە لەواتا فەرهەنگییەکەی کە مانگی ئاسمانە، واتا خوازراوەکەی بگەیەنێ.

**2-1- خوازەی ژیری:-** ئەوەیە (کردەوەیەك بدرێتە پاڵ شتێك، یان کەسێك کە لەڕاستیدا ڕەوانەبێ بدرێتە پاڵ ئەو).(سجادی،1986، 56). لەمجۆرەیاندا نیشانەکە عەقڵە بڕیار لەسەر شتەکاندەدات.

نمونەی (23): پارێزگاری هەولێر پارکی شاری نۆژەن کردەوە.

پارکەکەی نۆژەن نەکردۆتەوە، بەڵکو کرێکارەکانن بەم کارە هەستاون، نیشانەکە عەقڵە قبوڵی ئەوە ناکات

### - نیشانە پراگماتییەکان لەخوازەی ژێریدا:-

**1- دانەپاڵ هۆ:** لێرەدا (کارەکە دەدرێتە پاڵ هۆکار نەك بکەر) (با طاهر،286،2008)

نمونەی (24): سەرۆکی حکومەت شەقامی 150 مەتری دروستکرد.

سەرۆکی حکومەت خۆی دروستی نەکردووە، بەڵکو هۆکاری دروستکردنی شەقامەکەیە، کرێکەکان دروستیان کردووە، ئەوان بکەرن، بەڵام بەبڕیاری سەرۆکی حکومەت بووە، بۆیە کارەکە خراوەتە پاڵ ئەو، نەك کرێکارەکان.

**2- دانە پاڵ کات:** (کارەکە دەدرێتە پاڵ کاتی ڕوودانی کارەکە). (سید واخرون،2011، 84). واتە کارەکە نادرێتە پاڵ بکەری ڕاستەقینە.

نمونەی (25): زستان بەفری هێنا.

لێرەدا کاری (هێنان) دراوەتە پاڵ کات (زستان)، چونکە لەزستاندا بەفرەکە باریوە، بەڵام لەڕاستیدا بکەری ڕاستەقینەخوایە، زستان توانای ئەوەی نیە بەفر بێنیت.

**3- دانەپاڵ شوێن:-** (کارەکە دەدرێتە پاڵ شوێنی ڕودان). (الزوبعي،71) واتە شوێنی ڕودانی کارەکە، نەك بکەری ڕاستەقینە.

نمونەی (26): کانی لەژێر پێتدا دەڕوت.

کاری (ڕۆیشتن) دراوەتە پاڵ شوێن (کانی)، بەڵام کانی ناتوانێت بڕوات، بەڵکو مەبەست ئاوی کانییە.

لەهەردوو جۆری خوازەدا (زمانی و ژیری) دەبێت نیشانەیەك هەبێت وامان لیبکات بۆ واتا فەرهەنگییەکەی نەچێت.

خوازەی زمانی (نیشانەکە لە وشەکەیە) (سید واخرون،82،2011) و لەگەڵ هەندێ بنەمای پراگماتیکی کە کاریگەریان لەسەر وشە خوازراوەکە هەیە و جۆری خوازەکە دیاریدەکەن بەهەردو جۆری (خوازەی ڕەها و خواستن).

خوازەی ژیری (نیشانەیەکە لەو دانە پاڵەیە کە دەدرێتە پاڵ شتێك، هەقی نیە بیدرێتی) (فیود،2004, 62). ، نیشانەکە لەدەوروبەر دیاریدەکرێت و عەقڵ بڕیاردەدات.

## بەشی دووەم : نیشانە و درکە

### ١- درکە :

درکە بریتییە لە دەربڕینێك کە لەهەردوو لاوە واتا دەبەخشێت، واتایەکی نزیك و واتایەکی دووری هەیە، هەردوو واتاکە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لەکاتی بەکارهێناندا وەرگر هەست بە مانا دوورەکەی دەکات، چونکە دەربڕینەکە دەبێتە نیشانە بۆ ڕونکردنەوەی واتا، (درکە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ناوی شتیك نەبەیت، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەیت کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوەوە بۆ مانا مەبەستە هێمابۆکراوەکە بچێ (گەردی،88،1975)چونکە درکە واتایەکی ئاشکرا و واتایەکی شاراوەی هەیە قسەکەر باسی شتێك دەکات مەبەست لێی واتای درکە لەو دەوروبەرەی لێی بەکاردێت دیاریدەکرێت لەوکاتەدا وەرگر هەست بە واتا شاراوەکەی دەکات و دەزانێ مەبەست چییە (واتای درکە لە دەوروبەر دیاریدەکرێت) (زید،2014، 72)، چونکە قسەکەر باسی شتێك دەکات و مەبەستی شتێکی ترە.

نمونەی (27): چەم بێ چەقەڵ نابێت.

خۆی ڕاستە چەم بێ چەقەڵ نابێت، بەڵام مەبەستی قسەکەر واتا شاراوەکەیە، مەبەستی ئەوەیە (کۆمەڵگا بەبێ مرۆڤی خراپ نابێت) لێرەدا قسەکەر لەخۆیەوە ئەو قسەیەی نەکردووە، بەڵکو هۆکارێك هەبووە وایلێکردووە ئەو قسەیە بکات، لێرەدا دەوروبەرەکە دەبێتە نیشانە بۆ گوتنی ئەو قسەیە و هەڵبژاردنی درکە بەپێی ئەو دەوروبەرەی لێی بەکاردێنێت دیاریدەکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێت.

### 1-2 جۆرەکانی درکە:-

**2-1-1- درکە لەسیفەت:** ئەم جۆرەی درکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی سیفەت دەکات، وەکو (ئازایەتی، ڕەزیلی، زیرەکی...). واتە (وەسفکراو باس دەکرێت و یفەتی باس ناکرێت) (گەردی،2013، 227).

نمونەی (28):- لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە. (درکە لەئازایەتی)

- دوژمنی ئەو ددانەیە نانی پێدەخوات. (درکە لەڕەزیلی)

- لەهیچ شوینێك ئاگردانیان ڕەش نابێ. (درکە لە ڕەوەند)

واتە جێگایەکی دیاریکراویان نیە، زوو زوو جێگا دەگۆڕن، بۆیە بەردەکانی ئاگردانیان ڕەش نابێت. ئەو شتانە نیشانەن بۆ ڕەوەند.

درکە لە سیفەت دوو جۆرە (درکەی نزیك و درکەی دوور).

**2-1-2- درکە لە خود:** ئەمجۆرە درکەیە نیشاندانی سیفەتێکە یان کۆمەڵێك سیفەت بۆ شتێك، واتە سیفەت دەبێتە نیشانە بۆ وەسفکراو. (باسی سیفەت دەکرێ؛ باسی وەسفکراو ناکرێ). (سید واخرون،2011، 149).

ئەمجۆرەیان درکەیە لە خودی کەس یان شت.

نمونەی (29): نانەخۆری پێنج ئەنگوست. (درکە لە مرۆڤ)

ئەم دوو سیفەتە نیشانەن بۆ مرۆڤ؟

شای دارستان (درکەیە بۆ شێر)

(مەیل و مەتەڵی کوردەواری بەر ئەم جۆرە درکەیە ئەکەون (گەردی،1975، 92).

نمونەی (30): بیگری مشتێکە، بەریدەی دەشتێکە.  (درکەیە بۆ چاو)

ئـەم دوو سـیفەتە نیشـانەن بـۆ چـاو. چـرا کـەی مشـتێکە؟ مەبەست چاوە

- ئـەولا پـەرژین، ئـەولا پـەرژین، تێیدایـە کـۆترێکی نەخشین.  (درکەیە بۆ چاو).

ئەم دوو سیفەتە تایبەتمەندی چاون.

ئەمجۆرەشیان دوو جۆرە (درکەی نزیك و درکەی دوور).

**2-1-3- درکـە لـە هـاوگری:** لـەم جۆرەیان سیفەت هەیە و وەسـفکراو هەیـە، بـەڵام سـیفەتەکە بەراسـتەوخۆیی نادرێتـە وەسفکراو (کۆمەڵە سیفەت و گوزارەیەك ئەدرێتە پاڵ یەکێك، بـەڵام نـەوەك ڕاسـتەو ڕاسـت، بـەڵکو لەرێگەیـەکی پەنامـەکی دوورەوە، بەجۆرێ کەی ناوی کەسەکە ناهێنرێ، دێنێ کۆمەڵە سیفەتەکە ئەدەی بە شتێك کە شتەکە تایبەتی یە بەوکەسەوە کە ناوەکەی ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا نی یە). (سجادی،1986، 62).

(سـیفەتێك یـان کۆمەڵـە سـیفەتێك بدەیتـە کەسـێك یـا شـتێکەوە، بەڵام وانـەبێ ڕاسـتەوخۆ ناوی کەسـەکە یا شـتەکە بێنی کە سیفەتەکانی ئەدەینێ، بەڵکو هەمو سیفەتەکان ئەدەیتە پاڵ شتێك) (گەردی،1975، 93). بونی سیفەت لەو شتە واتە بونی ئەو سیفەتانە لە کەسەکە یان لە شتەکە.

نمـونەی (31): بێکـەس دەڵێـت:   سـەعات بـوو بـە بـەرگێك وکرایە بەر هەموو فەردێ

نـەما ئـەخباری نـاخۆشی لـەدڵ

دەرچوو هەموو دەردێ(گەردی،1975، 93).

ڕاستەوخۆ دڵخۆشی نادا بەخەڵکەکە، بەڵکو دەیانکاتە بەرگ و ئـەو بەرگـە لەبـەر هـەموو خەڵکەکـە دەکـات، جـا ئەگـەر بەرگەکە هەبوو، مانای وایە دڵخۆشییەکەش هەیە.

**2-2- درکە و یوفێمیزم (Euphemism):-**

یـوفیمیزم جۆرێکـە لـە درکـە، لـەکاتی دەربـڕینی وشــەی نەگونجاو و نەشیاو یان تابو بەکاردێت.

مـرۆڤ لــەکاتی دەربــڕین پێویســتە خــۆی بــەدور بگریــت لەبەکارهێنانی وشـەی زبـر و تـابۆ، چونکـە زۆرجـار بەکارهێنانی ئەم دەربڕین و دەستەواژانە دەبنە هۆی بریندارکردنی هەستی بەرامبەر و پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. جا بۆ بەردەوام بون و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی قسەکەر یوفیمیزم بەکاردێنێ.

(یــوفێمیزم بریتییەلــە شــێوازی قســەکردن بــەدەربڕینی ناڕاستەوخۆ لەشوێنی دەربڕینی زبر و نەشیاو بەکاردێ) (Zhuo J.-SchmidtK 2022, pp. 124-144)

یـوفێمیزم بریتییە(لـەو شـێوازەی کـە قسـەکەر بـەکاری دێـنێ لەکاتی باسکردنی وشەیەکی تابو).  **(**Samuel King, **2015)**

(بــەکارهینانی دەســتەواژەی جــوان و پەســند لەشــوێنی دەستەواژەی ناشرین و ناپەسند بەکاردێ). (Geoffrey N, 1981)

یوفێمیزم بریتییە: لەهەڵبژاردنی وشە و گۆڕینـەوەی بەوشەیەکی تر و پەردەپۆش کردنی ئەو وشانەی زبر و نەشیاون یان تابۆن، بەمەبەستی ڕێزگرتن لەکەسایەتی خۆت و بەرامبەر . بـۆ نمونـە لەهەنـدێ وڵات لـەبری (کـەناس)، دەسـتەواژەی (ئەندازیاری تەندروستی) بەکاردێت.

مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی یوفیمیزم (ڕزگارکردنی قسەکەرە لەبەکارهێنانی وشەی نەگونجاو و ڕەچاوکردنی باری دەروونی و بریندارنەکردنی هەستی بەرامبەر).  (Yenny Widya S, 2020)

شـاردنەوەی کاریگـەری نێگـەتیڤی وشـە لەسـەر وەرگـر، بەتایبـەتی ئـەو وشـانەی کـە وەرگریـان ئاسـان نیـە و کاریگـەری نێگـەتیڤ دروسـت دەکات وەکـو باسـکردنی بابـەتی (مـردن و نـەخۆشی و تـرس)، جـا بـۆ کەمکردنـەوەی ئـازاری ئـەم وشـانە یـوفیمیزم بـەکردێت (گـرنگترین خـاڵی بـەکارهێنانی یـوفیمیزم پاڵنەری دەرونی یە)(Yenny Widya S, 2020)  بەتایبەتی لـەکاتی گەیانـدنی هـەواڵی نـاخۆش، قسـەکەر هەوڵـدەدات بـەجوانترین شـێوە و کـەمترین کاریگـەری نـەرێنی هەواڵەکـە بگەیەنێ. بۆ نمونە وشەی (مردن) یوفێژمەکەی (چرای ژیانی کوژایـەوە، بـۆ هـەتا هـەتا خـەوتن، چـوە دنیایـەکی تـر...) یان جنۆکە (لەمەچیتر) هەندێ جاریش بەر لەگەیاندنی هەواڵەکە قسـەکەر بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ قسـەدەکات، قسـەکانی دەبنـە نیشـانە بـۆ هەواڵەکـە بـۆ نمونـە ڕاسـتەوخۆ نـاڵێ فـڵان مـردووە، بـەڵکو بـەکۆمـەڵێك پێشـەکی دەسـتپێدەکات، لەوانـە (زۆر بەسـەربەرزی ژیـا، دکتـۆر هـەمو شـتێکی لـۆی کـرد، هـیچ درێـغی بـۆ نـەکرا، خـوا خۆشیویسـت ئـازاری نـەدا،...) ئـەم دەربڕینانە دەبنە نیشانە کە کەسەکە مردووە.

یـان کاتێـك بـە کەسـێك دەوترێـت تـووشی ئـەو نەخۆشـییە بـوی، دەڵێـت (ئـەو نەخۆشـییە ئێسـتا زۆر بـووە، چارەسـەری هەیە، مردن بەنەخۆشی نیە...) نیشانەی ئەوەیە ئەوکەسە توشی نەخۆشییەکی ترسناك بوە.

یـوفێمیزم لـە زۆر بـواردا بـەکاردێت وەکـو (سـیاسی، ئـاینی، کۆمەڵایەتی، نەخۆشی، ئەندامەکانی لەش) (Yenny Widya S, 2020) و مـردن (مـردن، سـێکس، چونەسـەرئاو). (عمر،1982، 40). ئاودەست (دەست بەئاوگەیاندن).

زۆرجــاریش وەکــو ســتراتیجییەتێك بــەکاردێت بــۆ ڕێگــە خۆشکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یاخود پتەوکردن و بەردەوام بونی ئـەو پەیوەندییـە و لـەزمانی ڕاگەیانـدن یـوفیمیزم بـەکاردێت. هـەروەها (لەحاڵـەتی خۆبـەدوورگرتن لـە تـوڕەیی و قسەکردنی بەئەدەب بەکاردێت)  (Zhuo J.-SchmidtK 2022, pp. 124-144)

مرۆڤ لەژیانی رۆژانەیدا زۆرجار یوفیمیزم بەکاردێنێ کە هەندێ جار بێ مەبەستە و هەندێ جاریش بەمەبەست، جۆری دووەمیان بۆ مەبەستی جوانی دەربڕین و خۆبەدوورخستن لەبەکارهێنانی وشە و زاراوەی زبر و ناشرین و ڕێزگرتن و ڕازیکردنی بەرامبەر بەکاردێت تاوەکو نەبێتە مایەی دڵگرانی و بریندارکردنی هەستی بەرامبەر (لەکاتی ئاماژەکردن بۆ بابەتێکی ناشیاو. پێویستە شێوازی دەربڕینی جوان و نەرم (التلطق في التعبير) بەکاربێت تاوەکو وایلێبێ ئەو دەربڕینە پەسند و وەرگیراوبێت لەلایەن وەرگر). (عمر،1982، 40).

بەکارهێنان و تیگەیشتن لە یوفیمیزم بەگوێرەی کەسەکان دەگۆڕێت کە وشە و دەستەواژەکان بەکاردێنن (تێگەیشتنی واتای وشە دەگۆڕێت بەگۆڕانی بارودۆخی کەسایەتی و ئەزمون و ڕادەی تیگەیشتنی، چونکە ئەمانە جیاواز لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر) (حمداني، 1083، 175). بۆ نمونە: کەلتور و تەمەن و ڕەگەز و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و کات و شوین کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بەکارهێنانی یوفیومیزمدا هەیە.

هەر کۆمەڵگایەك هەندێ وشە بە یوفیمیزم دادەنێ، بەپێی ئەو کەلتورەی کە باوە لەو کۆمەڵگایە، چونکە ئەم بابەتە لەکەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر گۆڕانی بەسەردادێت بەو واتایەی (ئەوەی لە کەلتورێك تابوبێت، مەرج نیە لە کەلتورێکی تر تابوبێت)(Leech, 1981, 146) بۆ نمونە لە کۆمەڵگای کوردی باسکردنی هەندێ دیاردە و بابەت تابۆیە و جێگای شەرمە، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی تر بەئاسایی باسدەکرێ تابۆنیە. (لەزمانی کوردی لەبەر ڕەچاوکردنی بری کۆمەڵایەتی و کەسی و نەوروژاندنی بەرامبەرەکەی مرۆڤ لەڕووی نایەت بەکاریان بێنێ) وەئەگەر بەکاریشی بێنێ ئەوا هەندێ دەستەواژەی وەك (بلا معنى، عەیب نەبێ، تەشبیهـ نەبێ) لەگەڵ بەکاردێنێ) (دزەیی،2010، 98)

ژیانی ئاسایی خەڵك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جیاناکرێتەوە، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەکارهێنانی یوفیمیزم خاڵی سەرەکی بەردەوامبونی ئەو پەیوەندییە، زۆرجار مرۆڤ بەبێ ئاگایی هەندێ وشە بەکاردێنێ، هەستی بەرامبەر بریندار دەکات، بەتایبەتی لەکاتی باسکردنی سیفەت. (مرۆڤ توشی هەڵە دەبێت کێ ئەو وشانە بەکاردێنێ کە سیفەتی سۆزیان تێدایە). (کلینبرغ،1976، 79).

نمونەی (32): (کەڕ) یوفیمزمەکەی (کەم بیست) یان ( نابیست) بەکاردێت.

(کۆرە) یوفیمیزمەکەی (نابینا)

(پیرەمێرد) یوفیمیزمەکەی (ریش سپی)

(هەژار) یوفیمیزمەکەی (کەم دەرامەت)

(فەراش) یوفیمیزمەکەی (کارگوزار)

## 2-3- ڕێگاکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم:-

2-3-1 ئیکۆنۆمی (Yenny Widya S, 2020): مەبەست کورتکردنەوەی دەستەواژەکانە کە زۆرجار بۆ پێوانەی جل و بەرگ بەکاردێت وەکو (S.M.L.XXL ) (S) نیشانەیە بۆ قەبارەی بچوك.

2-3-2 وەرگرتن لەزمانی بێگانە[1]:- زۆربەی خەڵك پێیان وایە وشەی بیانی تابویی وشە و کاریگەری نێگەتیڤی کەم دەکاتەوە. وەکو(تواليت، w.c، سوزانی....)

2-3-3- بەکارهێنانی وشەی هەمان زمان(مستەفا،2013، 44). : هەندێکیان دەربڕینی نافەرمییە ئەمەیان لەژیانی رۆژانەدا بەکاردێت.

نمونەی (33): چونە ئاودەست چەند ڕستەیەکی تری بۆ بەکاردێت (دەچم دەست بەئاو دەگەینم، دەستم دەشۆم....)

هەندێکی تر دەربڕینی فەرمین، ئەمەیان بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دامو دەزگای حکومی بەکاردێت.

نمونەی (34): کەم ئەندام، خاوەن پێداویستی تایبەت، داوێنپیسی، هاوڕەگەزخواز....

**2-3-4- دژواتا:** ئەم جۆرەی یوفێمیزم لەڕێگای پلەکانی دژواتاوە دەبێت.

نمونەی(35): ئەگەر بتەوێ بەکەسێك بڵێی (ناشرینە)، لە جیاتی ئەمە دەڵێی (جوان نیە).

ئەگەر بڵێی (کراسەکە پیسە)، لەجیاتی ئەمە دەڵێی (خاوێن نیە).

## 2-4- یوفێمیزم بەرامبەر دیسفیمزم -:(Dysphemism)

دوو زاراوەی پێچەوانەی یەکن، ئەگەر یوفیمیزم بۆ ڕێزگرتن بێت، ئەوا دیفسفیسزم بۆ بێ ڕێزی کردنە.

نمونەی (35): عافێیەتی کرد (یوفێمیزم) زەقنی کرد (دیسفێمیزم)

باریك و ڕێك (یوفیمزم) ئیسقادار (دیسفێمیزم)

مرد (تابو) چرای ژیانی کوژایەوە (یوفێمیزم) تۆپی (دیسفێمیزم)

قەزم (تابوو) خاوەن پێداویستی تایبەت یان کورتەباڵا (یوفێمیزم) قوتەبزن، یان قوتەبنە (دیسفێمیزم)

بەکارهێنانی یوفیمیزم نیشانەی ئەوەیە وشەکان تابۆن یان زبر و ناخۆشن بۆیە لەڕێگای یوفیمیزم دەردەبڕێت.

بەکارهێنانی دیسفیمیزم نیشانەی بێ ڕێزی کردن و بەکەم سەیرکردنە، زۆرجاریش نیشانەی ڕق و کینەیە بۆ کەسی بەرامبەر.

## ئەنجامەکان:

١- ڕوونبێژی وەکو بەشێکی ڕەوانبێژی پەیوەندییەکی بەتین و ڕاستەوخۆی بە پراگماتیکەوە هەیە، چونکە دارشتنەوەی دەربڕینە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ. بەلام پێویستە هەلومەرجەکانی فەراهەمبوونی واتای پراگماتیکی هەبن

٢- ڕوونبێژی لەقسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک بەگشتی و لەزمانی شیعر بەتایبەتی بەمەبەستی بەهێزکردنی گوزارشت و کارکردنە سەر بەرامبەر بەکار دێت.

٣- لەخوازەی زمانیدا کۆمەڵێک نیشانەی پراگماتیکی ،بەڵگەی پەیوەندی ڕوونبێژی و پراگماتیک دەردەخەن، وەکو نیشانەکانی( کات، شوێن، ئاماژە، ،کەلتور......)بەلام لە خوازەی لەخوازەی ژیریدا عەقڵ دەبێتە نیشانە بریار لەسەر ڕاستی و دروستی دەدات.

٤- خوازە و خواستن نیشانەیەک هەیە قەدەغەی واتا فەرهەنگییەکەی دەکات، بەلام لەدرکەدا هیچ نیشانەیەک نیە واتا فەرهەنییەگەی ڕەت بکاتەوە، بەڵکو ئەو دەورووبەرەی لێ بەکاردێت دەبێتە نیشانە بۆ واتای درکە.

٥- قسەکەر بەمەبەستی ڕێزگرتن و پاراستنی پایەی کۆمەڵایەتی پتەوکردنی پەیوەندی کەسی و ڕێزگرتن لە هەستی بەرامبەر و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی یۆفیمیزم بەکاردێنێ.

6- نیشانە بە شێوەیەکی گشتی وەک کلیلێک وایە بۆ گەیشتن بە واتای شاراوەی مەبەست و ڕوونکردنەوەی گوزارشتە ناڕاستەوخۆیەکانی زمان .

## سەرچاوەکان:


1. پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی فایەق هۆشیار و مستەفا سالح کەریم و مەحمود ئەحمەد محەمەد و محەمەد نوری تۆفیق و ئەحمەد زرنگ، چاپی چوارەم. بەرگی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، 2019.
2. دزەیی، عبدالواحد مشیر، پراگماتیك و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2015.
3. دزەیی، عبدالواحد مشیر، زانستی پراگماتیك، چاپی یەکەم،چاپخانەی پاك،هەولێر،2011.
4. دزەیی، عبدالواحد مشیر، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010.
5. دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداهاتنەوەی نوێ هێرش بێتووش، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەمیعی، سەردەشت، 2007.
6. دیوانی صافی هیرانی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپی دوەم، هەولێر، 2015.
7. دیوانی کوردی، شەرح و لێکدانەوە موحەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کوردستان)، سنە، 2020.
8. دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، مجدی مەلا کریم، چاپی دوهەم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، 1984.
9. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976.
10. دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1978.
11. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، لێکدانەوە و پێشەکی عیزەدین مستەفا ڕەسول، چاپخانەی تاران، 2016.
12. سجادی، علاءالدین، خۆشخوانی- گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، 1986.
13. گەردی، عەزیز، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، دوەم، سێیەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، 1975.
14. گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی، بەهاری ڕەوانبێژی: واتاناسی، ڕوونبێژی- جوانکاری، چاپی یەکەم، ناڕین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2013.
15. مستەفا، محسن، یوفیمیزم، دزمانێ کوردیدا، نامەی مستەر، زانکۆیا دهۆکێ، فاکولتییا زنستێن مرۆڤایەتی، سکولا ئادابێ، 2013.
16. باطاهر, بن عيسى, البلاغة العربية مقدمات وتطبيقات, الطبعة الاولى, دار الكتاب الجديد المتحدة, 2008, 249.
17. بحيري, سعيد حسن, علم اللغة النص المفاهم والاتجاهات، الطبعة الأولى, مؤسسة المختار للنشر والتوزيع, القاهرة, 2004.
18. حمداني،موفق، اللغة وعلم النفس, جامعة بغداد, كلية الاداب, 1982.
19. الزوبعي واخرون، طالب محمد و ناصر حلاوى, البلاغة العربية- البيان والبديع لطلبة قسم اللغة العربية, الطبعة الاولى, دار النهضة العربية للطباعة و النشر, بيروت, 1996.
20. السامرائي, مهدى سالح، تأثير الفكر الديني في البلاغة العربية, الطبعة الأولى, المكتب الاسلامي, دمشق, 1977.
21. سيد واخرون، آمال يوسف و ماجدة زين العابدين حسن, البيان دراسة في المصطلح والدلالة, الطبعة الأولى, مكتبة المتنبى, المملكة العربية السعودية, 2011, 84.
22. عمر, أحمد مختار، علم الدلالة, الطبعة الأولى, مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع, 1982.
23. فيود, بسيونى عبدالفتاح، علم المعاني- دراسة البلاغية ونقدية لمسائل المعاني, الطبعة الثانية, مؤسسة المختار للنشر-والتوزيع- القاهرة, دار المعالم الثقافية للنشر والتوزيع – الأحساء, 2004.
24. قصاء وليد ابراهيم، البلاغة العربية, علم البيان, الطبعة الثانية, دار الفكر- دمشق, دار الفكر المعاصر- بيروت،2014.
25. كلينبرغ، أوتو، علم النفس الاجتماعي, ترجمه حافض الجمالي, الطبعة الثانية, دار المكتبة الحياة, بيروت, 1976.
26. ناصف واخرون، حفنى و سلطان محمد و محمد دياب و مصطفى طعوم, شرح دروس البلاغة, الطبعة الأولى, دار ابراهيم- القاهرة, دار ابن الجوزى- القاهرة, 2008.
27. الهاشمي، السيد أحمد جواهر, البلاغة في المعاني و البيان والبديع, الطبعة السادسة, دار الكتب العلمية, بيروت, 2014.

28 - Geoffrey N. Leech, "Semantics: The Study of meaning", Harmondsworth, Middlesex: Penguin Books, Second Edition, 1981.

(Geoffrey N, 1981)

29- Samuel King, “Euphemisms in Language”, UK: York University. 2015. (Retrieved from **https://unravellingmag.com/articles/euphemisms/** on 04 February 2022).

(Samuel King, 2015)

30- Yenny Widya Sari, “Euphemistic Expression in NDPENDENT NEWS*:* Semantics Approach”, Unpublished MA Theses at the Department of English Literature, Faculty of Social Sciences and Humanities, Putera Batam University, 2020, (Retrieved from http://repository.upbatam.ac.id/340/ on 10 February 2022).

(Yenny Widya S, 2020)

31- Zhuo Jing-Schmidt, “A Handbook of Pragmatics”, John Benjamins Publishing Company, Online Volume 24 (2022), pp. 124–144. Published online: 6 April 2022, (Retrieved from https://benjamins.com/online/hop/articles/eup1 on 20 April 2022).

(Zhuo J.-SchmidtK 2022, pp. 124-144)